




# ڕێز گرتن و بروسکەیەکی پێویست

سەعدون یونس

لە کۆتایی هەر ساڵێك مرۆڤ پێداچوونەوەیەکی خۆی و یادەوەرییەکانی ئەم ساڵە دەکات بە خۆشی و ناخۆشییەکانیەوە، بەتایبەتی بۆ هونەرمەندان کە خۆشییەکانیان لە بەرهەم و چالاکی هونەریدا دەبیننەوە، لە ناخۆشییەکانیشدا لەگەڵ میللەت هاوبەشن و زیاتریش لە خەڵکی ئاسایی درك بە ئێش و ئازارەکانی میللەت دەکەن و زۆر جاریش خەم و مەینەتەکانی میللەت دەبنە زادەی بەرهەمی هونەری نایاب.

دوو ساڵی رابردوو بە گشتی بۆ هونەرمەندان دەتوانین بە ساڵی بێ بەرهەمی ناوببەین، هەرچەندە بە سوپاسەوە بەشێك لە هونەرمەندان خۆبەخشانە کاریان کرد و نەیانهێشت ئەو کاروانە بوەستێت، هەروەها ژمارەیەك هونەرمەندمان لە دەستدا و بۆ تا هەتایە ماڵئاواییان لێکردین کە دوایین حاجی مەکی (عەلیە فەندی) بوو. کۆچی دوایی کەسێك کە زیاتر لە نیو سەدەی تەمەنی خۆی بۆ خزمەت کردنی هونەری کوردی و بزە خەندە خستنە سەر لێوانمان هەواڵێکی دڵتەزێنە بۆ هەموو لایەك، بروسکەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەم بۆنە خەمناکەوە لە ناخەوە دڵخۆشی کردم کە کار بەدەستان و بەرپرسانی ئەم هەرێمە لە ناخۆشییەکانی هونەرمەندان و کەسوکاریاندا بەشداری دەکەن، بەڵام لە هەمانکاتدا برینی من و دەیان هونەرمەندی ئەم وڵاتەی کولاندەوە، چونکە ئەگەر تەنیا کەسێکی بەرزی وەك حاجی مەکی بە نموونە بهێنینەوە، دەبینین ئەو هونەرمەندە هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەتکردنی هونەری کوردی تەرخان کردووە و تەنیا ئەوەندە بەسە کە یەکەم کەس بوو لەسەر ئەرکی خۆی بیرۆکەی یەکەم فیلمی سینەمایی



کوردی بەناوی (نێرگز بووکی کوردستان) کردە واقعێك کە ڕەنگە بۆ زۆرێك لە ئێمە خەون بوو، هەروەها لە قۆناغە سەخت و دژوارەکانی مێژووی کورد لەسەردەمی پێش هاتنی ڕژێمی بەعس و دوای هاتنی بەعس کە ناخۆشترین ڕۆژەکانی میللەتی کورد لە باشووری کوردستان دادەنرێت و تا ڕووخانی بەعس و ئازادکردنی کوردستان و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بێگومان لە سەردەمی شۆڕش و پارتیزانی و شەڕی شاخیشدا حەجی مەکی ڕۆڵی خۆی بینیوە و نەوەستاوە لە کار کردن.

ئەوەی بە لای ئێمەی هونەرمەندەوە گرنگ بوو حاجی مەکی و زۆر هونەرمەندی تریش دوای دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد برەو بە کارە هونەرییەکانی خۆیان بدەن، چونکە بازدانێك بوو لە قۆناغی دەربڕینی هەستی ناخی خۆیان بە هێما و ڕەمز و وشەی خوازراوەوە بۆ قۆناغ و سەردەمێکی نوێ کە بە ئاشکرا ناوی کوردستان و ڕەمز و سەرکردە و وڵات و داگیرکەران بهێنن دواتریش لە هونەری شۆڕشگێڕییەوە پڕژانە نێو بابەتی کۆمەڵایەتی و نیشاندانی ئێش و ئازارەکانی خەڵك و چارەسەر کردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و پێداویستیی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك ئەمەش ئەرکێکی سەرەکی هونەرمەندانە کە خەڵك خۆیان لە ڕێگای کارە هونەرییەکانیانەوە ببیننەوە و تا ڕاددەیەکی زۆریش هونەرمەندان لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو بوون.

هەمیشە هەندێك نازناو خراوەتە پاڵ کورد کە بە ڕاستی مایەی نیگەرانی و تێڕامانێکی زۆرە و پێداچوونەوەیەکی وردی پێویستە وەك (خۆخۆر، بێگانەپەرست، مردووپەرست) و زۆر نازناوی دیکەش کە مرۆڤ ڕووی نییە باسیان بکات، ئەوەی زیاتر هونەرمەندان پێوەی دەناڵێنن بێگانەپەرستی و مردووپەرست. من نامەوێ کەس بێگانەپەرستی بە وشەیەکی وا لێك بداتەوە کە ئێمە حەز بکەین وڵاتمان داگیر بکرێت، یان بێگانە بەسەرماندا دەسەڵاتی هەبێت، چونکە هەمیشە کورد خەباتی کردووە دژی بێگانە، بەڵام ئەگەر ئێستا لە هەر گۆرانیبێژێکی ئەم وڵاتە بپرسی وەزعی گۆرانی و موزیك چۆنە؟ بێ یەك و دوو دەڵێ لەبەر هونەرمەندە تورك و عەرەب و فارسەکان کەس ئاگای لە ئێمە نەماوە و ئەگەر دوو وشەی سەقەتی کوردیش گۆرانییەك بڵێ ئەوا دەست بە سەما کردن دەکەین بۆیان ئا ئەوەیە بێگانە پەرستی.

کە هونەرمەندێك ماڵئاوایی هەمیشەییمان لێدەکات، ئیدی شاشەی تیڤی و لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بە بروسکەی ماتەمینی و وشەی ڕێز کراو و پیاهەڵدانی ئەو هونەرمەندانە پڕ دەبێتەوە و بۆ چەند ڕۆژێك بە پانی و درێژی و وێنەی نوێ و کۆنی ئەو هونەرمەندانە هەموو میدیاکان داگیر دەکات، لە کاتێکدا ئەو هونەرمەندە کە چەند ڕۆژێك پێش ئەو وشانەی ڕەنگە لەسەر مەرگ بووبێت و هەموو ئەوانەی پێیان هەڵدەگوت دەیانزانی کە بارودۆخی چۆنە، بەڵام هەر بە خەیاڵیشیاندا نەدەهات و بێگومان ئەمەش جۆرێکە لە جۆرە هەرە باوەکانی مردووپەرستی.

هونەرمەندی ڕاستەقینەی ئەوەی لە دڵەوە کارەکەی خۆشدەوێت هەوڵ دەدەن بە هەر شێوەیەك بێت کەلتوور نەتەوەکەیان بە جیهان نیشان بدەن لە هەمان کاتدا خزمەتێك پێشکەش بە گەل و وڵات بکەن و خەمەکانی خەڵك لە ڕێگای گۆرانی و و موزیك و دراما و فیلم و شانۆ و تابلۆکانیانەوە بخەنەڕوو و دەسەڵاتدارانی لێ ئاگادار بکەنەوە، ئەوەی ئاشکراشەوە هەر میللەتێك خاوەن کەلتوورێکی زیندوو نەبێت ژیانی خۆیشی دەکەوێتە مەترسی و هەڕەشەوە، بۆیە پێویستە دەسەڵاتداران بە جددی بیر لە زیندوو کردنەوەی کەلتووری کوردی بکەنەوە و ئەگەر کەسانێك بە ناوی کەرتی تایبەتیشەوە هونەرمەندانی بیانی بهێننە کوردستان، دەبێ چەند مەرجێك دابنێن هەر کەسێك بە ئارەزووی خۆی نەچێ کۆمەڵێك کەسی بیانی بە ناوی هونەرەوە بهێنێ ئاهەنگ ساز بکەن و پارەی ئەم وڵاتە ببەنە دەرەوە، هەروەها دەبێ ماندوو بوونی هونەرمەندان ئەو کاتە لەبەرچاو بگیرێ کە زیندووە و خۆی هەست بکات کە خزمەتێکی پێشکەش کردووە، نەك دوای مردنی دنیای بۆ بڕازێننەوە.



# بروك شێڵدز
# لە نەخۆشی تۆقیوە

خانمە ئەکتەری هۆلیۆد بڕۆك شێڵدز ڕایگەیاند زۆر جار مرۆڤ هەندێك کار لە تەمەنی زوویدا ئەنجام دەدات، یان هەوڵ دەدات کە خۆی لێی دوور بخاتەوە، جا لەبەر هەر هۆکارێك بێت، پێیوایە ئەمە کارێکی باشە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەنجامەکان دوور لە پێشبینییەکانی زۆر پێچەوانە دەردەچن.

بڕۆك شێڵدز هەروەها دەڵێ: من لە تەمەنی گەنجی و هەرزەکاریدا زۆر کارم ئەنجامداوە کە پێموابوو باشە بۆ تەندروستی و جوانیم، لەوانە تا تەمەنی ٢٢ ساڵی من کچ بووم و هیچ پێوەندییەکی سێکسیم نەبوو لەگەڵ کەس، ئەمەش تا ڕاددەیەك زیانی پێگەیاندم، چونکە پێوەندیم لەگەڵ خودی خۆم بەهێزتر دەبوو و جەستم زۆر جوانتر دەبوو و کێشیشم زیاد نەدەبوو، هەر دەربارەی ئەو هەڵانە بڕۆك دەڵێ: لە گەنجیدا خۆم زۆر دەدایە بەر تیشکی خۆر بۆ ئەوەی پێستم ڕەنگی برۆنزی بێت، بەڵام دواتر پزیشکان پێیان ڕاگەیاندم کە لەبەر زۆر خۆدانە بەر تیشکی خۆر ئەگەری تووشبوونم بە نەخۆشی شێرپەنجە زۆرە، بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی چەند پەڵەیەك لەسەر پێستم، ئەو هەواڵەی پزیشکان تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری کردم، چونکە پشکنینەکان دەریانخست ئەوەی لەسەر پێستم دۆزراتەوە، قۆناغەکانی پێش دەرکەوتنی ڕاستەوخۆی شێرپەنجەیە.

شێلدز زیاتر دەڵێ: دوای ئەمە بڕیارم دا بە هیچ شێوەیەك لە کەناری دەریا نزیك نەبمەوە وەك کردارێکی خۆپارێزی لە شێرپەنجە، چونکە من لەو نەخۆشییە تۆقیوم و ئێستا لە جیاتی بچمە کەناری دەریاکان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم لەسەر بانی شوقەکەم ئەگەر حەزمان کرد، خۆمان دەدەینە بەر تیشکی خۆر.



# ئەوانەی لە ساڵی ٢٠١٥ جیابوونەوە

بەشێکی زۆر لە ئەکتەرانی هۆلیۆد ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە کە هەندێکیان پێوەندییان بەردەوام دەبێت و هەندێکیشیان جیادەبنەوە و هەندێکی دیکەشیان بەر لەوەی بچنە نێو ژیانی هاوسەرێتییەوە لە ماوەی دەستگیرانیدا جیادەبنەوە، ساڵانەش لە کۆتایی ساڵدا ڕۆژنامە و گۆڤارە تایبەتەکانی ئەم بوارە لیستی ئەو ئەکتەرانە بڵاودەکەنەوە کە لە ساڵی ڕابردوودا جیابوونەتەوە، لە ساڵی ٢٠١٥ شدا ژمارەیەك ئەکتەری هۆلیۆد جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند کە هەندێکیان ماوەیەکی زۆریش بە یەکەوە بوون گرنگترین ئەو ئەکتەر و ناودارانەی کە لە ٢٠١٥ دا جیابوونەوە ئەمانە بوون:

- چارلیز تیرۆن و شۆن بین: دوای ساڵ و نیوێك لە پێوەندی دەستگیرانی جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند و ئەمەش بە دەستپێشخەری تیرۆن خۆی بووە دوای ئەوەی ڕایگەیاند کە پێوەندییەکەیان هیچ خۆشەویستییەکی تێدا بەدی ناکرێ و ناگونجێن بۆیە جیابوونەوەیان پێ باشتر بوو.
- کۆرتنی کارداشیان و سکۆت دیسیك: ئەوانیش جیابوونەتەوە هەرچەندە چەند هەواڵێك باس لەوە دەکەن کە بگەڕێنەوە و ئاشت ببنەوە، بەڵام کۆرتنی ڕایگەیاند دوای ئاشکرابوونی خیانەتی هاوسەرەکەی بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە لەگەڵی ئاشت ببێتەوە.
- بن ئەفلیك و جنیڤەر گارنەر: جیابوونەوەی ئەمانە مایەی شۆك بوو، چونکە ماوەی دە ساڵ ژیانێکی سەقامگیریان بەسەر برد و خاوەنی سێ منداڵن، بۆیە دوای جیابوونەوەشیان بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و تێیدا ڕایانگەیاند کە لە پێناو منداڵەکانیان لە هەمان خانوودا بە یەکەوە دەژین.
- ئیما ستۆن و ئەندرۆ گارفیلد: دوای چوار ساڵ پێوەندیی هاوسەریی نێوانیان کە بە بەشداری کردنیان لە فیلمی سپایدەرمان دەستیپێکرد، جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند، بەڵام چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە هەردوو لا ڕایانگەیاند کە پێوەندیی هاوڕێیەتیی نێوانیان ماوە.



## بیباشا باسۆ:

# لەگەڵ ئەمیتاب تووشی دڵەڕاوكێ دەبم

بەشێكی زۆری سیناریۆی فیلمەكانی بۆلیۆد باس لە خۆشەویستی و عەشق دەكات، تەنانەت ئەگەر فیلمەكە لە ڕووداوێكی مێژوویی و ڕاستەقینە وەرگیرابێت، یان باس لە زوڵم و ستەم و كێشە كۆمەڵایەتییە زۆرەكانی كۆمەڵگەی هیندیش بكات، ئەوا عەشق و ئەڤین بەشی سەرەكی ڕووداوەكانی فیلمەكە پێكدەهێنێت و دەبێتە هۆی سەركەوتنی فیلمەكە لە هەموو ڕوویەكەوە.

بۆیە بە دەگمەن ئەكتەری هیندی هەیە لە هەردوو ڕەگەز كە ڕۆڵی خۆشەویستییان پێ نەسپێردرابێت. بیباشا باسۆ یەكێكە لەو ئەكتەرانەی كە كەمترین ڕۆڵی خۆشەویستی بینیوە لە فیلمەكانی و لەم بارەیەوە دەڵێ: ڕاستە من وەك كچە ئەكتەرەكانی دیكە ئەم جۆرە ڕۆڵانەم نەبینیوە، تا ئێستا لە دوو فیلم ڕۆڵم بینیوە ڕۆڵەكانیش ئاسایی بوون، چونكە من زۆر ڕقم لەو سیناریۆیانەیە كە باس لە خۆشەویستییەكی منداڵانە دەكەن و پێموایە بێزار بووین لەم جۆرە خۆشەویستییە، ئێمە پێویستیمان بە چیرۆكی خۆشەویستییەكی پێگەیشتوو و تەواو هەیە، بەتایبەتی ئەو سیناریۆیانەی باس لە خۆیشەویستیی پاكی نێوان كوڕ و كچێكی لادێی دەكات.

لە بارەی ترسی لە دەركەوتن بەرامبەر بە ئەستێرەی سینەمایی ئەمیتاب باتشان، باسۆ دەڵێ: ئەوەی ڕاستی بێت، لە هەموو ڕۆڵەكان كاتێك بەرامبەر هەر ئەكتەرێك دەوەستم هەست بە دڵەڕاوكێ دەكەم، بەڵام ئەگەر ئەم ئەكتەرە كەسێكی وەك ئەمیتاب باتشان بێت كە هەموو ئەكتەرێك خەون بەوەوە دەبینێت ڕۆڵی لەگەڵدا ببینێت، بێگومان ترس و دڵەڕاوكێ زیاتر دەبێت، دوور نییە لە هۆش خۆم بچم، بۆیە پێش دەستپێكردنی وێنەگرتن، ئەمەی پێ ڕادەگەیەنم، من خۆم بە بەختەوەر دەزانم كە بەرامبەر بەم مرۆڤە گەورەیە ڕۆڵ ببینم و شانازیش بەو كارەوە دەكەم.






## شەیما قاسم شاجوانی ۲۰۱۵ی عێراق:

# کوردستان ئارامیم پێ دەبەخشیت

وجدان بورهانەددین لە ساڵی ۱۹۷۲ بە نوێنەرایەتی عێراق بەشداری لە پێشبڕکێی شاجوانی گەردوون کرد کە لە وڵاتی پۆرتوریکۆ ئەنجامدرا و لەو کاتەوە تا ساڵی ۲۰۱۵ نە پێشڕکێی شاجوانی عێراق ئەنجامدراوە، نە کەسیش بە نوێنەرایەتی عێراق بەشداری لەو پێشبڕکێیەدا کردووە، بەڵام لە رۆژی شەممە ۱۹-۱۲-۲۰۱۵، بە ئامادەبوونی باڵیۆزی چەند وڵاتێکی عەرەبی و بیانی و نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیری عێراق و چەندین کەسایەتی رۆشنبیری و هونەری، دامەزراوەی کەلتووری مەدا بۆ یەکەمجار و پاش زیاتر لە ٤٠ ساڵ لە عێراقدا بەشێوەیەکی فەرمی مەڕاسیمی هەڵبژاردنی شاجوانی عێراقی لە بەغدا ئەنجامدا، سەرەتا ١٠ ناوی خۆیان تۆمار کرد بۆ بەشداریکردن، بەڵام بە هۆی تووڕەبوونی چەند پیاوێکی ئایینی کە پێشبڕکێکەیان بە دوور لە رەوشت وەسف کرد و بەهۆی هەڕەشەی کوشتن لە کچە بەشداربووەکان دووانیان کشانەوە و تەنیا حەوت کچ مانەوە و لە کۆتاییدا کچە کوردێکی کەرکووک بە ناوی شەیما قاسم بە شاجوانی عێراقی بۆ ساڵی ۲۰۱۵ هەڵبژێردرا.

شەیما لەدایکبووی ساڵی ۱۹۹٥ و قوتابییە لە زانکۆی کەرکووك. هەر لە منداڵییەوە خەونی بەوەوە دەبینی رۆژێك لە رۆژان تاجی شاجوانی لەسەر بکات، هەرچەندە وەك ئاماژەی بۆ دەکات سەرەتا خانەوادەکەی رازی نەبوون بە بەشداریکردنی لەو پێشبڕکێیە، بەڵام دوای هەوڵدانێکی زۆر بنەماڵەکەی رێگەیان داوە بەشداری بکات. شەیما لە رێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە، توانی ناوی خۆی تۆمار بکات و خەونی منداڵیی بکاتە راستی و دوای بەشداریکردنی تاجی شاجوانی عێراقی لەسەر نا و دوای زیاتر لە ٤٠ ساڵ بووە بە یەکەم شاجوانی عێراق.

شەیما ئاماژە بەوە دەکات کوردستانی زۆر خۆشدەوێت و بە نیازە لە نزیکەوە سەردانی کوردستان بکات، چونکە لەو کوردستان هەست بە خۆشی و ئارامی دەکات و دربارەی پێشبڕکێی شاجوانی کوردستانیش دەڵێ: کە لە کاتی سازکردنی پێشبڕکێی شاجوانی کوردستان حەزی دەکرد بەشداری بکات، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت نەیتوانی ئەو خەونەی لە کوردستان بهێنێتە دی، سەرەڕای ئەمەش بەردەوام بوو لە کار کردن بە هێنانەدیی خەونەکەی و کاری لەم پێناوەدا کرد و گوێی بە هیچ دەنگۆی و هەڕەشەیەك نەدا کە ببێتە هۆی ئەوەی ساردی بکاتەوە، یان بیترسێنێت و بیوەستێنێت لە کارکردن بۆ گەیشتن بەو هیوا و ئامانجانەی بۆ خۆی دایناوە.

یەکێك لە گەورەترین کێشەکان کە ئێستا رووبەڕووی عێراق بۆتەوە بریتییە لە بوونی ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی ناوخۆ کە لەو شوێنی شەڕ و پشێوی تێدایە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و بەپێی چەند ئامارێکی تایبەتی ئاژانسەکانی یوئێن و رێکخراوە خێرخوازییەکان ژمارەی ئاوارەکان خۆی لە ۳ ملیۆن کەس دەدات بۆیە یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی شاجوانی عێراق بریتی دەبێت لە گرنگیدان بە ئاوارەکان و لەم بوارەوە دەڵێ: پڕۆژەو بەرنامەی من بەشێکی زۆر تایبەت دەبێت بە گەیاندنی هاوکاری ودەنگی ئاوارەکان بۆ لایەنی بەرپرس، لە نێو ئاوارەکانیشدا دەمەوێ گرنگییەکی زۆر بە هاوکاری کردنی منداڵە ئاوارەکان بکەم، بەتایبەتی بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە خوێندن بدەن و دوارۆژیان نەفەوتێت، چونکە منداڵ داهاتووی ئەم وڵاتەن و وڵات لەسەر دەستی ئەوان بنیاد دەنرێتەوە، وەك دیارە بەشێکی زۆر منداڵە ئاوارەکان بەهۆی بارودۆخی تایبەتی خۆیان لە خوێندن دابڕاون، زۆر لە شاجوانەکانی وڵاتان بەتایبەتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کار بۆ پاراستنی مافی ئافرەتان دەکەن بۆیە منیش هاوکات لەگەڵ ئاوارە و منداڵان کار بۆ پاراستنی مافی ئافرەت و نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەکەم.

دەربارەی داهاتووی بەتایبەتی کە ئێستا بۆتە یەکێك لە کەسایەتییە ناودارەکانی عێراق و ناوچەکەش و لەم بارەیەوە دەڵێ: کاتێك تاجی شاجوانیم لەسەر کرد هەستم کرد کە خەونەکەم هاتەدی، بەڵام هاتنەدیی ئەو خەونە چەند ئەرکێکی دیکەشم بۆ زیاد دەکات و پێویستە پەیامێکم هەبێت کە ئاراستەی جیهانی بکەم، بەتایبەتی کە ئێستا عێراق بە ناخۆشترین و سەختترین ساتەکانی تێپەڕ دەبێت و گەلی عێراق تووشی بارودۆخێکی ناهەموار دژوار بوونەتەوە لە هەموو بوارەکاندا، هیوادارم ئارامی و سەقامگیری بۆ عێراق بگەڕێتەوە و یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو لە عێراقدا بێتە ئاراوە و ئافرەتانیش بەشداری بکەن لە بونیادنانەوەی وڵات و پێشخستنی، چونکە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاریدا دەژین، پێویستە تێروانین و بیرۆکەی خەڵك بەرامبەر ئافرەت بگۆڕێت و ئاوارەکان وکۆچبەرەکان بگەڕێنەوە جێگاو شوێنی خۆیان.

ساڵانە شاجوانی هەر وڵاتێك بەشداری لە پێشبڕکێی شاجوانی جیهان دەکات لە ساڵی داهاتوودا، شەیماش خۆی ئامادە دەکات کە لەم ساڵدا بەشداری لە پێشبڕکێی شاجوانی جیهاندا بکات، بەڵام ئەم پێشبڕکێیە جیاوازە لەوەی لە هەر وڵاتێکدا ئەنجام دەدرێت و چەند مەرجێکی تایبەتی هەیە بۆ خۆ کاندیدکردن لەوانە لەبەرکردنی جلی نیمچەڕووت واتە جلی مەلەوانی وسەردەریا، بەڵام ئایا شەیما بەم مەرجانە رازی دەبێت، لەم بارەیەوە دەڵێ: وەك گوتم یەکێك لەو خەونەکانم ئەوە بوو تاجی شاجوانی لەسەر بکەم و ئەو خەونەم هاتەدی، بۆیە بە دڵنیاییەوە بە نیازم بەشداری لە پێشبڕکێی شاجوانی جیهاندا دەکەم و سەبارەت بە مەرجە تایبەتەکان دەکەم بە گوێرەی زانیارییەکانم لە ساڵی داهاتوو ئەو مەرجە تایبەتانە بەتایبەتی لەبەر کردنی جلوبەرگی سەر دەریا و رووت بۆ هەموو بەشداربووان پەیڕەو ناکەن و رەچاوی تایبەتمەندی چەند وڵاتێك دەکەن، بەڵام ئەگەر ئەوان سووربوون لەسەر ئەوەی بەجلی مەلەوانی دەرکەوم، من ئەوە قبووڵ ناکەم و دەکشێمەوە، چونکە ئێمە وڵاتێکی موسڵمانین و ئەم جۆرە مەرجانە قبووڵ ناکرێت، هەروەها کۆمەڵگەش ئەمە قبووڵ ناکات، منیش نامەوێت لە دابونەریتی کۆمەڵگەی خۆم لابدەم، ئامادەش نیم لە پێناو لەسەر نانی تاجی شاجوانی جیهان و بەشداریکردن لەو پێشبڕکێیە خۆم رووت بکەمەوە، هەرچەندە بڕوام بە ئازادی بیروڕا هەیە، بەڵام ئەم کارە قبووڵ ناکەم.

